www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڤالانتاین ... کارزان گلی



وەرە با لەناو گەرمی
ئامێزم هەڵتگرم!
وەرە نیشتەجێتکەم لەناو
دڵی سارد و سڕم!
وەرە دەمت بنێ بەدەممەوە
وەرە پێکێ لەچاوی
مەستاویت بخۆمەوە
وەرە گیانت لەگیانم ئاڵێنە
سەرت بنێ بەسینگمەوە
وەرە تۆ چەند لەمن دوور بیت
زیاتر لێت نزیك دەبمەوە
هەرچەندەش لەمەن نزیك بیت
وادەزانم لەمن دووری و ناتبینمەوە!
وەرە با لەناو دێڕە شیعرێکی
شەوانەما بتخەوێنم
وەرە بالەناو خۆشترین
ئاوازا بتلاوێنم
وەرە بەڵێنت پێدەدەم
جارێکی تر...
دڵی شووشەت نەڕەنجێنم
وەرە هەرچی ڕق و کینەی
سالآنی رابردوو هەیە
لەناو دڵتا دەرییێنە
وەرە گەر بۆ جارێکیش بێت
لەسەر سینەی سپی بەفراویتا
بمخەوێنە!
وەرە ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشەویستی و
ڤالانتاینە......
ئەمڕۆ گشت ئاشقێك لێك دەبووری و
لەگۆڕنانی خەمەکانە
وەرە ئەمڕۆ ڕۆژێکی لەبارە
تا ماچێکی لێوانت کەم
ئەو دوو کۆترەی لەناو قەفەسی
سینگتدا شاردونتەوە، ئازادیان کە
بێنە دەرێ و تۆزێك
گەمەی لەگەڵ بکەم

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.